# تروسکەیەك لە روناکی



**محەمەد جەزا بەرزنجی**

کاتێك زریانی وەهمێکی پر هەستیریا
بە قینەوە روبار دەخوات ،
شەپۆلەکان بەرچاو تاریك
تازە باوێشکی خەو دەدەن ،
بەرەو ئاسمان .. تەکان دەدەن
بۆ قوربانی
ئاهەنگێکی سەر بە گۆبەن
چۆلەکەی هەستی ناسك و
روناکی رۆحی پیرۆز و
ماسی ئاواتی خەرمانێ بێ گیان دەکەن
رەشە هەورێکی تەوێڵ

تاڵ..
عاشق بە بەدی لافاو..
جانەوەرێکی کوشندە
بە گەردەلولی ئەهریمەن
بە پایزی چوار وەرزەی ساڵ
بۆ خەڵکانێکی زۆر چڵێس
دەبیتە رێی ئافاتێکی زۆر دڕندە

****

ئەم خەندەیە، بزەی پایزی شەوێکە
خولیای راوە ئەستێرە بوو ،
تروسکەیەك بەر لەمردن
ئاگر نەتکابووە سەر رۆحی .. هەناسەیەکی پێ مابوو
ئۆقیانوسێکی ئیرادەی رژانە سەر
تابلۆیەکی پڕ ِگزگلی
دا بە چۆلەکەی هەواڵ و
لە سوتماکی بەجێماوی رۆحەکانا ،
شەتڵە بەهارێکی لێدا،

هێندەی نەبرد
لە قین .. لە گڕی ئارەزوی.. زۆڵە مرۆڤێکی بێ عار
زۆر خێرا تر
چرۆی کرد و شەرمەزاری کردە پەڵە و
دای بە سیمای خوداکانا

****

ئەمە داستانی ئازارە و
لە بن باڵی
پۆلە هزرێکی ئەنفالدا
بۆتە خۆری زیندە بەچاڵ
منیش بمرم
زەرنەقوتەی هێلانەکان
کە گەورە بوون..!
لە فریندا دەیناسنەوە..!
یەقینم لێی.. لەسەر هەر ئاوێك.. لایاندا
بۆ یەکتری دەگێڕنەوە،